# بەرگدووری کۆشك

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

×

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**
**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

×××

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# بەرگدووری کۆشك

وەرگێڕانی

**ئەمیر حاجی داود**

وێنە بەدەستکارییەوە:

**عادل زرار**

ناوی کتێب: بەرگدرووی کۆشك
وەرگێرانی: ئەمیر حاجی داود
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە ٥٣٤
وێنە بە دەستکارییەوە: عادل زرار
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیاری چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم- هەولێر ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە ( ١١٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

مام ئەمین بەرگدرووێکی چاك و بێ وێنە بوو... هەموو بەیانیان لە خەو هەڵدەستا نانی بەیانیانی دەخوارد بەرەو دوکانەکەی بەرێ دەکەوت، پیشەکەی خۆی زۆر خۆش دەویست. لەبەرئەوە خەڵك زۆر ڕوویان تێ دەکرد و داوای دروستکردنی کراس و پاڵتۆ و جلی تریان لێ دەکرد.

ڕۆژێکیان هەتاوێکی خۆش بوو مام ئەمین لەبەر دەرگای دوکانەکەی دانیشتبوو کراسێکی لەبەر

دەست بوو نەخشی لەسەر دروست دەکرد، لەو کاتەدا گەنجێك بەلایدا هات و سڵاوی لێ کرد:

- مامە دەمەوێت پاڵتۆیەکم بۆ دروست بکەی زۆر جوان و ڕەنگی سوور بێت؟ ئایا دەتوانی بۆم دروست بکەیت؟

مام ئەمین وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ ڕۆڵە... ئەگەر پێت خۆشە سەرانسەری بە ئاوریشم یاخۆ بە زێڕ و زیو دەنەخشێنم؟

گەنجەکە گوتی:

- بێ گومان بە زێڕ و زیو... بەڵام درێغی لە زێڕ و زیوەکە نەکەیت هەر چەندێکت بوێ پێتی دەدەم...

بەڵام مەرجێکم هەیە:

- ئەو مەرجە چییە؟

- ئەو پاڵتۆیەم لە هیچ پاڵتۆیەك نەچێ و کەسیش نەتوانێ وەك ئەو دروستی بکاتەوە... پێم خۆشە تاك بێت و لەبەرامبەر ئەوەش هەر چەندێکت بووێت پێتی دەدەم...

بەزەردەخەنەوە مام ئەمین سەری خۆی بۆ جولاند و گوتی:

پەیمانت پێ دەدەم پاڵتۆیەك دروست بکەم قەت پاڵتۆی وا دروست نەکەمەوە هەتا لە ژیاندا مابم.

- گەنجەکە دەستی بۆ مام ئەمین درێژ کرد و کیسەیەك پارەی پێ دا و گوتی:

دوا کاتمان هەفتەی داهاتوو وەك ئەمرۆ دەبێت.

مام ئەمین دەستی کرد بەهەڵبژاردنی قوماشی سوور بۆ ئەوەی پاڵتۆکەی بۆ دروست بکات، ئینجا دەستی کرد بەلێدانی زێڕ و زیو لە سەرانسەری پاڵتۆیەکە تا وای لێ هات بوو بەجوانترین پاڵتۆ.



مام ئەمین تەواو بوو لە دروستکـردنی پاڵتۆیەکە پێش تەواوبوونی کاتەکەیان،
لـەلایەکی دوکـانەکەی هەڵی واسی، تاوەکو گەنجەکە دێت دەیباتەوە، ئەو پاڵتۆیە
بوو بەشتێکی سەرنجراکێش بۆ هەموو ئەو کەسانەی بەوێدا تێپەر دەبوون.
مـام ئـەمین بەئیشوکاری خۆی سەرقاڵ بوو... ئەو کاتە میر ئەلەندی کوری پاشا
بەخۆی و پاسەوانەکانی بەوێ تێپەر بوون... پاسەوانەکانی میر ئەلەند لێ نەدەگەڕان
خەڵك نزیکی میر بکەوێت.
لەو کاتە لەبەردەمی دوکانی مام ئەمین وەستان و میر ئەلەند لەسەر ئەسپەکەی هاتە
خوارەوە، نزیکی مام ئەمین کەوت بێ ئەوەی سلاوی لێ بکات لێی پرسی:
- ئەو پاڵتۆیە بەچەند دەفرۆشی؟
مام ئەمین بەپێکەنین و لێبووردنەوە گوتی:
- ئەو پاڵتۆیەم بۆ گەنجێك دوورییە پێشەکی هەموو پارەکەی پێ داوم دوو بەیانی
دێت دەیباتەوە.
- میر ئەلەند پێی گوت:
- کێشەك نییە من پارەکەیت پێ دەدەمەوە... دەتوانی دانەیەکی تری بۆ دروست
بکەیت.
مام ئەمین وەلامی دایەوە گوتی:
هەرگیز ناتوانم، چونکە من پەیمانم بەو کوڕە داوە پاڵتۆی ئاوا دروست نەکەمەوە...
ئەو پارەیەکی زۆری
پێ داوم بەرامبەر ئەو مەرجە.
- میر تورە بوو گوتییە مام ئەمین:
وابـزانم تۆ چـاکم دەنـاسی، دەزانی دەتـوانم چـۆن هەڵـسوکەوتت لەگەڵدا بکەم...
بەلام من حـەزم لـە زەبروزەنگ نییە... بـاش بیر بـکەرەوە پـاشـان سـەرکردەی
پاسـەوانەکانم ڕەوانە دەکەم بەیانی وەلامم
دەوێت... بۆ دواکەوتنی وەلامەکەت دەبێت ١٠هەزار دینار سەرپێچی بدەیت.



مام ئەمین هەموو رۆژەکە بیری لەو قسانەی میر ئەلەند دەکردەوە...
پاشان کە گەڕایەوەماڵەوە... نەیزانێ چی بکات، چونکە دەیزانی ناتوانێ شەو بەئاسوودەیی بخەوێت... تا گەیشتە ئەنجامێك.
لەسەر کاتی خۆیان سەرکردەی پاسەوانەکان گەیشتە لای مام ئەمین، مام ئەمین بڕیارەکەی خۆی پێ گوت، گوتی:
- گەیشتمە چارەسەرێکی گونجاو، بە میرئەلەند بلێ دەبێ پاڵتۆیەکی بۆ دروست بکەم نموونەی نەبێت، دەبێ پاڵتۆیەکە دوو ڕوو بێت.
سەرکردەی پاسەوانەکان بەسەرسوڕمانەوە گوتی:
- دەتوانی پاڵتۆیەك دروست بکەیت دوو ڕووی هەبێت؟!
مام ئەمین گوتی بەڵێ بەدڵنیاییەوە!
- بەڵێ دەبێت پاڵتۆیەکی دوو ڕوو بێت ڕووەکیان زەرد و ئەویتریان شین بێت، دەبێت هەموو بە زێر و زیو بنەخشێنم و لەسەر سینگی گوڵی ئاوریشمی ڕەنگاوڕەنگ دابنێم.
سەرکردەی پاسەوانەکان قسەکانی زۆر بەدڵ بوومام ئەمینی جێ هێشت بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە لای میر ئەلەند تاوەکو ڕەزامەندیی وەربگرێت.
چەند ساتێك ڕۆیشت، لای مام ئەمین وەکو ئەوە بوو چەند مانگێك بێ، چونکە نەیدەزانی هەڵوێستی میر ئەلەند چییە، نەیدەزانی چی بکات ئەگەر بێت و ئەو پرۆژەیە ڕەت بکاتەوە، لە هەمان کاتیش نەیدەزانی چی بەو کوڕە گەنجە بڵێت.
سەرکردەی پاسەوانەکان گەڕایەوە و بە مام ئەمینی گوت: میر ئەلەند ڕەزامەندیی نیشان داوە. کیسە پارەیەکی پێ دا و پەیمانی کیسە پارەیەکی تریش پێ دا ئەگەر میر بەدڵی بێت، بەڵام مەرجی لەسەر دانا پاش دوو ڕۆژی تر دەبێ تەواو بێت.
ئەو دوو ڕۆژە مام ئەمین بەشەو و بەڕۆژ هەر خەریکی دروست کردنی ئەو پاڵتۆیە بوو تاوەکو بەباشترین شێوە دروستی بکات نەوەك میر ڕازی نەبێت، پاش ئەوەی کە تەواو بوو لەتەنیشت پاڵتۆیە سوورەکەی هەڵواسی، چاوەڕوانی هەردوو خاوەنەکەی کرد، چونکە ئەو ڕۆژە کاتی وەرگرتنەوەی هەردووکیان بوو.
گەنجەکە هات و زۆر دڵی خۆش بوو کە پاڵتۆیەکەی بینی سڵاوی لە مام ئەمین کرد.



مام ئەمین سلاوەکەی وەرگرتەوە و گوتی:
- فەرموو بەرێزەکەم ئەوە پاڵتۆیەکەتە، هیوادام بەدڵت بێت.
گەنجەکە زۆر سوپاسی مام ئەمینی کرد و دەستخۆشی لێ کرد سەیری پاڵتۆیە دوو ڕووەکەی کرد و گوتییە مام ئەمین هیوادارم هیچ پاڵتۆیەك لە شێوەی پاڵتۆکەم دروست نەکەیتەوە.
کۆشکی پاشا ڕازابووەوە بەبۆنەی ساڵیادی وەرگرتنی دەسەلات، کە هەموو ساڵێك پاشا لەناو کۆشکی خۆی ئەنجامی دەدا.
پێش ئەوەی ئاهەنگەکە دەست پێ بکات هەموو وەزیر و پیاوە گەورەکانی حکوومەت و هەموو ئەوانەی تێدا بانگهێشتن کرابوون ئامادە بوون بەم بۆنە مەزنەوە.
پاش ئەوەی هەموو لایەك ئامادە بوون پاسەوان بانگی کرد کەوا پاشا گەیشت و بەچەپڵەڕێزان پێشوازی لە پاشا کرا.
هەردوو کوڕەکەی پاشا میر ئەلەند و سەهەند بەدوایەوە دەڕۆیشتن، میر ئەلەند پاڵتۆیە دوو ڕووە جوانەکەی لەبەربوو...  پاش ئەوەی میر سەهەندی برای دیت سەیری پێ هات، چونکە پاڵتۆیە سوورەکەی لەبەردابوو کە لە دوکانی مام ئەمینی بینیبوو، هەروەها میر سەهەندیش هەمان ئەو پاڵتۆیەی بینی لە دوکانی مام ئەمین بوو و دوو ڕوو بوو.
میر ئەلەند گوتییە میر سەهەند:
- بەڕاستی ئەو بەرگدرووە پیاوێکی ڕاستگۆیە... خەریك بوو لەسەر ئەو پاڵتۆیەی تۆ خۆی تووشی ئەشکەنجە بکات، تەنیا بۆ ئەوەی ڕاستگۆ دەرچێت بەرامبەر پەیمانەکەی...
چ دەڵیت میر سەهەند پاشای باوکمان ڕازی بکەین بۆ ئەوەی بڕیارێك دەربکات مام ئەمین بکاتە بەرگدرووی کۆشك.
میر سەهەند زۆر کەیفی هات و ڕازی بوو کەوا بەیەکەوە ئەو پرۆژەیە لای باوکیان باس بکەن.
مام ئەمین لەبەردەم دوکانەکەی دانیشتبوو، خۆی سەرقاڵ کردبوو بەدوورینی کراسێك، کاتێك بینی پاسەوانەکانی پاشا بەرەو دەمی دێن.
پاسەوانەکان وەستان لە تەنیشت دوکانی مام ئەمین، ئەو کاتە میر لەسەر ئەسپەکەی هاتە خوار بەرەو لای مام ئەمین چوو.
یەکێك لە پاسەوانەکان هاواری لێ هەڵسا و گوتی:



- میر سەهەند کوڕی پاشای وڵات.
مام ئەمین سەیری دەم و چاوی میری کرد و وەستا:
- میر سەهەند؟! میر؟! خاوەنی پاڵتۆی سوور میرە!
میر سەهەند سڵاوی لێ کرد و پێی گوت:
- سەیرە وانییە!!
- بەڵێ گەورەم...
- نەمویست خۆم بۆت ئاشکرا بکەم کاتێ کە هاتم بۆ ئێرە بۆ دروومینی پاڵتۆیە سوورەکەم. گوتم باشترە وەك خەڵك خۆمی پێ بناسێنم. بەڵام من و براکەم بۆمان روون بووەوە تۆ نەك بەرگدوورێکی چاکی، بگرە تۆ پیاوێکی ئەمین و راستگۆشی. لەبەرئەوە داوامان لە باوکمان کرد بۆ ئەوەی بڕیارێك دەربکات بەدامەزراندنی تۆ وەك بەرگدرووێکی تایبەت بەکۆشکی پاشا.
مام ئەمین بەزەردەخەنەوە سەیری میر سەهەندی کرد. میر سەهەند پێکەنی و گوتی:
- حەزم نەکرد پاسەوانەکان ڕەوانە بکەم بۆ ئەوەی ئەم هەواڵەت پێ ڕابگەینن، پێم باش بوو خۆم بێم، ئایا ڕازیی بەم کارە؟
مام ئەمین زۆر کەیفخۆش بوو، سوپاسی میر سەهەندی کرد لەبەر ئەو متمانەیەی کە بەویان داوە.
میر سەهەندیش دەستی خستە سەر شانی مام ئەمین و گوتی:
دەبێت بەشێکی تایبەتت هەبێت لەناو کۆشك، چەند کەسێکیشت لەگەڵ دەبێت بۆ یارمەتیدان و شت فرۆشتنەوە.
مام ئەمین سوپاسی میر سەهەندی کرد و پەیمانی پێدا بێتە کۆشك، دوای ئەوەی ئەو شتانەی لەبەر دەستیەتی بۆ خەڵك تەواو دەکات، کە زۆربەیان تەواو بووبوون تەنیا خاوەنەکانیان مابوو بێن وەریان بگرنەوە.



# بەرگدرووی کۆشك

و: ئەمیر حاجی داود

وێنە بەدەستکاری: عادل زرار